# نمایشی شانۆیی (ئەو پیاوەی کە)

د. فازڵ جاف

## پیتەر بروک لە نمایشدا

مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٥ نمایشی شانۆگەری (ئەو پیاوەی کە)ی ڕێژیسۆری بەناوبانگی جیهانی (پیتەر بروک)م لەسەر شانۆی نەتەوەیی لەندەن بینی. دەقی شانۆنامەکە لە کتێبێکی پزیشکی دەمار (ئۆلیڤەر ساکس) بە ناوونیشانی (ئەو پیاوەی ژنەکەی لێ بووبوو بە شەپقە) وەرگیراوە. بروک ئەم ناوونیشانە درێژەی بۆ (ئەو پیاوەی کە) کورت کردەوە.

ئەمە یەکەم جار بوو ڕاستەوخۆ نمایشێکی پیتەر بروک لەسەر شانۆدا ببینم. پێشتر تەنیا نمایشە دووروودرێژە بەناوبانگەکەی مهابهاراتام بە ڤیدیۆ بینیبوو. دیارە تەماشاکردنی نمایشی شانۆیی بە فیلم و ڤیدیۆ، بەدەر لە سنووری کاری توێژینەوە و بەئەرشیڤکردن، مەبەستی هونەریی نمایش و چێژی هونەری بە شێوەیەکی ڕاستودروست نابەخشێت، بۆیە ئەم هەلەم بە دەرفەتێکی دەگمەن زانی لەسەر شانۆی نەتەوەیی لەندەن، نمایشەکە ببینم. نمایشی (ئەو پیاوەی کە) پێشتر لە پاریس و نیویۆرک پیشان درابوو و زۆر قسەی لەسەر کرابوو. ڕەخنەگران زۆریان لەبارەوە نووسیبوو، بۆیە بەر لەوەی ببینم، هەندێکم لەسەر خوێندبووەوە.

بەرلەوەی بچمە ناو باسەکەوە، بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی خێرا بە ساڵانی خوێندن و مانەوەم لە لەندەنی نەوەتەکانی سەدەی ڕابوردوودا بکەم، کە بۆ من لەسەر ئاستی هونەری، قۆناغێکی گەلێ دەوڵەمەند و بەپیت و سوودبەخش بوو. لێرەدا کە باسەکەم تەنیا لەسەر شانۆ و بواری هونەرییە، دەبێت هەر لە سەرەتاوە، ئەوە بڵێم کە ساڵانی خوێندنم، وەک خوێندکاری ماستەر لە کۆلێجی (گولدسمیزس - Goldsmiths College)، لە زانکۆی لەندەن، پاشان کارکردنم وەک ڕاهێنەری جەستە و جووڵە لە چەندان کۆلێج و پەیمانگەکانی لەندەن و دەرەوەی لەندەنیشدا، بۆ من ئەزموونێکی دەوڵەمەند و بەهاداربوو. هەر لە شانۆ و ستەیجەکانی لەندەندا ئاشنای کار و داهێنانی زۆربەی ڕێژیسۆرە هەڵکەوتووەکانی شانۆی بەریتانی بووم، لەوانە: پیتەر بروک، ترێڤەر

نون، پیتەر هال، جۆن کایرد، سایمۆن ماکبێرنی و کاتیا میشێل، ...تاد.


هەر لە شانۆ گەورەکانی لەندەنیشدا، ئاشنای بەرهەمە گرنگەکانی ڕیژیسۆرانی وەک ڕۆبێرت ولسون و ڕۆبێرت لێپاژ بووم، ئەمە بێجگە لە ئاشنابوونم بە نمایشەکانی شانۆی (کابووکی) و (نۆ)ی ژاپۆنی. ژیانی ڕۆژانەم لە لەندەن تەنیا بۆ کاری شانۆ و خوێندنی شانۆ و مەشق و پرۆڤەکردن و سازدانی وۆرکشۆپ و ڕاهێنان و سەردانی شانۆییە گرنگەکانی لەندەن تەرخان کردبوو، بە پلەی یەکەمیش شانۆی نەتەوەیی، شانۆی شاهانەی شەکسپیر، شانۆی یانگ ڤیک، ئۆڵد ڤیگ، شانۆی داون ستێر و شانۆی باربیکان و چەندان شانۆی گرنگی دیکە، بە کورتی دەتوانم بڵێم کە ساڵانی خوێندن و ژیانم لە لەندەن، بۆ من قوتابخانەیەکی هونەری گرنگ بوو.

شانۆیی (ئەو پیاوەی کە) یەکەم بەرهەمی پیتەر بروک بوو، کە ڕاستەوخۆ لەسەر تەختەی شانۆی نەتەوەیی بینیم، دواتر دوو نمایشی دیکەی (بروک)م بینی، یەکەمیان ڕۆژە شادەکان، نووسینی سامۆیل بیکێت، دووەمیشیان شانۆنامەی قات، کە لە مانگی بەفرانباری ساڵی ٢٠٠٠، لە شاری ستۆکهۆڵمدا بە زمانی فەرەنسی نمایش کرا.

بێجگە لەم سێ شانۆگەرییە، کە بە نمایشی ڕاستەوخۆ تەماشام کردوون، دوو نمایشی دیکەی (بروک)م بە ڤیدیۆ بینیوە، ئەوانەش: مەهابەهاراتا و تراژیدیای هاملێت بوون، لەگەڵ هەندێ کورتە فیلمی ڤیدیۆیی ڕاهێنان و چەند برگەیەکی کورتی نمایشی (خەونی نیوە شەوێکی هاوین)ی شەکسپیر، کە ناونیشانەکەی بۆ (خەونم بینی) کورت کرابووەوە.

## ئەو پیاوەی کە

بەر لەوەی بروک بیر لە کارکردن لە سەر دەقی چیرۆکەکەی ئۆلیڤەر ساکس بکاتەوە، سەرقاڵی بیرۆکەی دارشتنی شانۆنامەیەکی زۆر جیاواز بوو، شانۆنامەیەک کە ڕێباز و میتۆد و چەمکی چوار ڕێبەری سەرەکی شانۆی مودێرن، ستانیسلاڤسکی و مییرهولد و ئارتۆ و برێشت بکات. لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابووردوو ئاشنای توێژەر و دەرهێنەر و ڕاهێنەری بواری بیومیکانیک، دوکتۆر ڕۆبێرت لێچ بووم، دوکتۆر لیچ کە ئەو دەمە لە زانکۆی بێرمنگهام مامۆستای نواندن بوو، باسی ئەوەی بۆ کردم، کە پیتەر بروک سەرقاڵی پرۆژەیەکی لەو جۆرەیە و بە تەلەفۆن پێوەندی پێوە کردووە و داوای لێ کردووە لەو بەشەدا کە پێوەندی بە مییرهولدەوە هەیە، هاوکاری بێت و ئەکتەرەکانی لەسەر ئیتوودەکانی بیۆمیکانیک بۆ ڕابهێنێت. لیچ ئەوەشی بۆ باس کردم، کە بروک لە دارشتنی هێڵی چیرۆکەکە و گرێچنی شانۆنامەکەدا سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ئارتۆ، لەگەڵ دراماتورگەکەی ڕووبەڕووی کێشەیەک



بوونەتەوە کە بەم جۆرەیە: پێوەندی نێوان ستانیسلاڤسکی و مییرهولد و ڕەوتی هونەری و کێشە و جیاوازی نێوانیان وەک هێڵێکی درامی زۆر ئاشکرا و ڕوونە، سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی (برێشت)یش لە چوارچێوەی گرێچنەکەدا کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە، بەو پێیەی کە برێشت لە ساڵانی سییەکاندا سەردانی مۆسکۆی کردووە و لەگەڵ ستانیسلاڤسکی و مییرهولد گفتوگۆیان کردووە، بەڵام کێشەکە لە ڕۆڵی ئارتۆدایە کە لەسەر ئاستی مێژوو، بە هیچ جۆرێک لە زنجیرەی ڕووداو و کردارەکاندا جێگەی نابێتەوە، چونکە بە هیچ جۆرێک بەرکەوتەی لەگەڵ ستانیسلاڤسکی و مییرهولد و برێشتدا نەبووە و چاویان بە یەکتر نەکەوتووە. هۆکارەکان هەرچییەک بن، بروک ئەوەندەی نەبرد دەستی لەم پرۆژەیە هەڵگرت، هەرچەندە پرۆژەکە پێشبینی ئەوەی لێ دەکرا پرۆژەیەکی تایبەت و جیاهەڵکەوتوو بێت، پرۆژەیەک بێت کە کرۆکی پرۆسەی شانۆی مۆدێرن و چەمکە سەرەکییەکانی و ڕێباز و میتۆدەکانی نواندن و بەرجەستەکردن و فۆرمەکانی نمایش بکاتە کەرەستەی درامیانە، بەڵام لەبری ئەم پرۆژە شانۆییە، کە میتۆدەکانی شانۆی دەکرد بە بنەما و کەرەستەی درامیانەی نمایشێکی شانۆیی، بروک پەنای بردە بەر بابەتێکی سایکۆلۆژی پزیشکی کە سەتا سەت لە پرۆژەی یەکەمی جیاواز بوو. بروک لە چاوپێکەوتنە تێروتەسەل و هەمەلایەنەکەیدا، کە نووسەر و ڕەخنەگر مارگرێت کرۆیدن لەگەڵیدا سازی داوە، بە ڕوونی ئاماژە بەو پرۆژە سەرنەگرتووە دەدات، پێشی وایە کە نمایشێکی لەو جۆرە دەکرێت بە شێوەیەکی شانۆییانە، جیاوازی هونەری لە دیدگە و جیهانبینی و ڕوانگەی ئەو چوار کۆڵەگە سەرەکییەی شانۆی مۆدێرن بەرجەستە بکات، بۆیە کاتێک شانۆنامەی ئەو (پیاوەی کە) نمایش کرا، لە فەرەنسا و بەریتانیادا پرسیارێکی گەورەی لەلای ڕەخنەگرانی شانۆ دروست کرد، بەو پێیەی نمایشەکە سەرەتا لە پاریس پێشکەش کرا، پاشان لە لەندەن، کروێدن لە بروک دەپرسێت:

– بۆچی ئەم بابەتەت هەڵبژارد؟ بروک لە وەڵامدا دەڵێت:

– ڕاستە ئەم بابەتە لە شانۆدا بابەتێکی ئاسایی نییە، بەڵام خۆ هەر بابەتێک لە ڕووی ماناوە پێوەندی بە مرۆڤەوە هەبێت، دەکرێ بۆ شانۆ دەست بدات.

باشە دەبێت جیاوازی ئەم بابەتە لە بابەتەکانی دیکەی بروک لەچیدا بێت؟ بەشبەحاڵی خۆم بەر لەوەی بڕۆم نمایشەکە ببینم، یەک دوو وتارم دەربارەی خوێندبووەوە، دەمزانی کە ئەم نمایشەی بروک لە نمایشەکانی دیکەی جیاوازترە، ئەمیان نە (خەونی نیوە شەوێکی هاوین)ـە، نە (مەهابەهاراتا) یە، نە کۆنفرانسی باڵندان ماراساد و کارمنە، واتە زمانی شانۆیی ئەمیان ئەوەندە پشت بە فۆرمی شانۆ و یاری درامیانەوە نابەستێت. شانۆنامەی ( ئەو پیاوەی کە) بەسەرهاتێکە لە نەخۆشخانەیەک ڕوو دەدات کە نەخۆشەکانی بە دەست کێشەی نەخۆشی و ئاڵۆزیی دەمارەوە پەکیان کەوتووە و لە ژیان دابڕاون، ئەوانە تەنیا لە جیهانی خۆیاندا دەژین و ئاگایان لە جیهانی ڕیالیستی دەوروبەری خۆیان نییە.

شانۆنامەکە چیرۆکێکی کلاسیکی کۆنەباو و ئاسایی بەرجەستە ناکات، بەڵکوو زنجیرەیەکە لە دۆخە مرۆییەکان بۆ کەسانێک کە تووشی تێکچوونی دەمارەکانیانەوە بوون: پیاوێک ناتوانێت شتەکان بە دەست و لە ڕێگەی بەرکەوتەی جەستەییەوە بناسێتەوە، یەکێکی تر بوونی ڕاستەقینەی شتەکان لەگەڵ وێنەکانیان

تێکەڵوپێکەڵ دەکات. نەخۆشێک کە جووڵەی کتوپڕ و لەناکاو دەکات و وشەی نەشیاوی لێ دەردەپەڕێت. یەکێکی تر دۆخەکانی بیرەوەری و یادەوەرییەکانی لێک دەترازێن و شیرازەی هەستەکانی تێک دەچن، بەڵام سەرەڕای کێشە دەروونییەکانی کەسایەتییەکانی ئۆلیڤەر ساکس، ناکرێت شانۆنامەکە تەنیا وەک شانۆنامەیەکی دەروونی شرۆڤە بکرێت، چونکە نمایشەکە چەند پرسیارێکی فەلسەفی بوونگەرایانە دەربارەی شوناس و ناسنامە و ئاگایی و هۆشیاری، دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی دەورووژێنێت. ئەم پرسیارانە لەم سەردەمەدا بواری هزر و فەلسەفەی بۆ بوارەکانی تری زانست و تەکنۆلۆژیا تێپەڕاندووە. بروک وەک ڕێژیسۆر لە دەستبردن بۆ ئەم بابەتە سەلماندی کە پێشەنگ و دەستپێشخەرە.

بروک خۆی باس لە بەهرە و کارامەیی ئۆلیڤەر ساکس لە هونەری گێڕانەوەدا دەکات، پێی وایە کە ساکس بە شێوازێکی دانسقە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، شێوازێکی ئەوتۆ کە هیچی لە نووسەرانی شانۆ کەمتر نییە، هیچی لەو نووسەرانە کەمتر نییە کە هەر لە سەردەمی شانۆی کەونینی گریکەوە تا دەگاتە نووسەرانی هاوچەرخ، هەوڵیان داوە بگەنە شوێنە نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ.

دەقەکەی ساکس کەرەستەی سەرەکی و بناغەی بنچینەیی نمایشەکە پێک دێنێت. دەرهێنەر و ئەکتەرەکان و دراماتورگی شانۆنامەکە، جان کلۆد کارێر، کە نازناوی ڕاوێژکاری ئەدەبی لێ نرابوو، پشتیان تەنیا بە دەقەکەی (ساکس)ـەوە نەبەستووە، بگرە وەک بروک خۆی لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ کرۆیدن باسی لێوە دەکات، ئامادەکاری و توێژینەوە و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ دوکتۆر و نەخۆشەکاندا هەر نەبێت دوو ساڵی خایاندووە. پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی مەیدانی لە نەخۆشخانەکانی دەروونزانی و لە نزیکەوە چاودێریکردنی ئەو نەخۆشانە کە گیرۆدەی هەمان نەخۆشی و دەردی دەروونی، لە چەشنی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکە بوون، دەستیان بە دارشتنی شانۆنامەکە و بە ڕاهێنان و مەشق و پرۆڤە کردووە. لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە دوورودرێژەدا، بروک فۆرمێکی بۆ نمایشەکە داهێناوە، فۆرمێک بریتییە لە زنجیرە دیمەنێکی شانۆیی کە بە ئەندازەی دۆخی دەروونی کەسایەتییەکان پەرتەوازە و لەیەک دابڕاو و پچڕپچڕن و پشت بە هێڵێکی دیاریکراوی چیرۆک و گێڕانەوە و حیکایەتخوانی نابەستێت، واتە نمایشەکە کە کاتژمێرێک و بیست خولەکی بێ پشووی دەخایاند، زنجیرەیەک لە چەند نموونەیەکی کێشەی مرۆیی سەخت و ئاڵۆز بوو، ئەمەش وەک بروک دەڵێت: بێگومان بۆ هەندێک لە بینەران ئاسان نییە.

بروک لە کتێبی گفتوگۆکەدا لەگەڵ کرۆیدن باس لە بنیاد و گرێچنیی شانۆنامەکە دەکات، باس لەوە دەکات بۆچی دروست ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە:

-دوای مەهابهاراتا مەبەستم بوو نە بنیادی گرێچنانە، نە جلوبەرگ، هیچیان بەکار نەهێنم، دەمویست بزانم بەبێ بەکارهێنانیان دەگەمە کوێ، دەمویست بزانم چۆن کارێکی شانۆیی سادە پێشکەش بکەم.

نمایشەکە گەشتێک بوو لە نێو مێشکی چەند نەخۆشێک، تەنیا چوار ئەکتەری نێرینەی سەر بە چوار کولتووری جیاواز، ڕۆڵەکانیان دەگێڕا، چوار ئەکتەرەکەش لەو ئەکتەرانە بوون، کە پێشتر لەگەڵ (بروک)دا کاریان کردووە و ئەزموونی پێشینەیان لەگەڵ شێوازی کارکردنی ئەودا دەوڵەمەندە: دەیڤید بنیت ئەڵمانی، سۆتیگو کیوتی ئەفریقایی، بروس مێریس فرەنسی، یوشی

ئەویدا ژاپۆنی. ئەم چوار ئەکتەرە بە نۆبەت ڕۆڵی دوکتۆرەکان و نەخۆشەکانیان دەگێڕا، هەر کەسە و چەند ڕۆڵێکی دەگێڕا، تاکە ئێکسسواریش لەم ڕۆڵ گۆڕینەدا، ئەکتەرەکان تەنیا ڕۆبە سپییەکانیان دەگۆڕی. لە دیمەن گۆڕین و کارتێکردنی درامیانەدا، بروک وەک هەمیشە بێجگە لە مۆسیقا کە موزیکژەنێکی ئێرانی (مەحموود تەبریزی زادە) بە ستیلی ڕۆژهەلاتی هەڵی دەسووڕاند، هیچ کاریگەرییەکی تری بەکار نەهێنابوو.

ئەوەی کە بووبوو بە کرۆکی نمایشەکە و جێی سەرنج بوو، تەنیا بەرجەستەکردنی دۆخی نەخۆشییەکان بوو، بۆ نموونە: لەبیرچوونەوە و لە دەستدانی یادەوەری، لەدەستدانی هاوسەنگی (بەلانس)، شڵەژانی کتوپڕی و ئۆتیزم.

کەرەستەکانی سەر شانۆ، وەک لە نمایشەکانی (بروک)دا باوە، زۆر کەم و سادە بوون و تەنیا بریتی بوون لە چەند مێز و کورسییەک، کە لەسەر پاچکە دەگوازرانەوە.

بەر لە دەسپێکی نمایشەکە، پانتایی شانۆکە هێمای خەستەخانە، یان شوێنێکی دیاریکراوی نەدەگەیاند، شانۆکە پانتاییەکی بێلایەن بوو، دوو سکرینی ڤیدیۆ نەبێت کە هێمای ژینگەی خەستەخانە و نۆڕینگەی دوکتۆری دەبەخشی، فەزای شانۆکە تا ڕادەیەک لە فەزای فۆرمە شانۆییە ئاسیاییەکان، بەتایبەتی لە شانۆی (نۆ)ی ژاپۆنی دەچوو، یان هەرنەبێت ئەو هەستەی دەبەخشی. لە دیمەنی یەکەمەوە، کە سێ دوکتۆرەکە بە جلی سپییەوە لەگەڵ نەخۆشەکە، کە ئەمیان جلەکەی جیاواز بوو، دێنە سەر شانۆ، تێدەگەین کە ئەم شوێنە نەخۆشخانەیە. هەر لە سەرەتاوە مۆسیقاژەنەکە لە لایەکی شانۆکەدا دادەنیشێت و هەر لەوێ، بەدرێژایی نمایشەکە، دیمەن بە دیمەن کاری خۆی دەکات.

بەهێزترین شەقڵی داهێنەرانەی شانۆگەرییەکە نمایشی قووڵ و نایابی ئەکتەرەکان بوو، کە کارامەیی و تواناییان لە بەرجەستەکردنی ئەو هەموو کارەکتەرە جیاوازانەدا دەردەکەوت، ئەمە بێجگە لە تایبەتمەندێتییەکی دیکەیان کە هەر یەکەیان مۆرک و میتۆدێکی جیاوازی خۆی هەبوو، کە لەوی دی نەدەچوو، بەو پێیەی کە هەریەکەیان سەر بە کولتوور و فەرهەنگێکی جیاواز بوو.

لەم سەردەمەدا کە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی پێکهاتەی مێشک و نەخۆشییەکانی، بابەتی نمایشی ( ئەو پیاوەی کە) بابەتێکی زۆر هەنووکەیی و گەرم بوو، بروک بەم نمایشە سەلماندی کە وەک هونەرمەند شایەتحاڵی سەردەمەکەی خۆیەتی و دەیەوێت ئەو پرسانە نمایش بکات کە پرسی سەردەمن، پرسی ئێستا و ئێرەن و گەرماوگەرم و هاوچەرخن، بە تایبەتیش کە نمایشەکە لە کۆتاییدا، بە وێنەی گەورەی مێشکێک لە سەر سکرینی سەر شانۆکە دەردەکەوێت. وێنەی مێشک لە کۆتایی نمایشەکەدا وەک هێمایەکی شانۆیی خۆی دەنوێنێ، نەک بە تەنیا وەک توخمێکی زانستی.

**سەرچاوەکان:**


1- The Man Who Mistook His Wife for a Hat Oliver Sacks:

2- Croyden, Margaret. Conversations with Peter Brook: 1970-2000

3- پرۆگرامی شانۆگەریی ئەوە پیاوەی کە
The man who, National Theatre, London1995.